## ئازدکردنی مامۆستا ئیبراهیم قاسم بە *3 دەفتەر دۆلار ... پەیامنێری کوردستان نێت

دوای ئەوەی هەواڵەکەم بە ڕاستی وەرگرت بە هۆی کەناڵی (العربیە) و پەیوەندی تەلەفونیم لە گەڵ ئەندامانی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان کرد دەربارەی ڕفاندی مامۆستا ئیبراهیم قاسم کە لە لایەن گروپێکی جەردەو دزو خۆفرشەوە لە دەشتی عوزێم ڕفێنرا بۆ مەبەستی پارە.
ئەوەی جێی سەرنجە لە ماوەی سێ ڕوژی زیندانی دا لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان و یەکێتی تۆپی پێ و برادەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلیمانی) لە گەڵ برادەرانی یەکێتی تۆپی پێی کەرکوك توانیان بەو مەبلەغەی داوایان کردبوو بۆیان پەیدا بکەن و بە پەلە ڕزگاری بکەن.

ئێستا مامۆستا ئیبراهیم قاسم ئازاد کراوە و لە ماڵی خۆیەتی لە شاری سلێیمانی.
بە ناوی خۆم و کوردستان نێتەوە خۆشحاڵی خۆمان دەر دەبڕین بۆ ئازاد کردنی ئیبراهیم قاسم.

سوپاس و پێزانینمان بۆ ئەو بەرێزانەی کە زۆر یارمەتیان داین لە هەواڵەکان
بەڕێز مامۆستا سەلاح موحەمەد کەریم سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان
بەڕێز مامۆستا کەمال نوری سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان
بەڕێز کاکە حەمە بچکۆل ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگە

ئەنوەر خەراجیانی / پەیامنێری کوردستان نێت

*3 دەفتەر دۆلار واتە (30.000 هەزار دۆلار)

